# ئەوەی یاسا بشکێنێت، سزا دەدرێت!

ئەمە ناونیشانی دیالۆگێکە، لە بلۆگێکەوە وەرگیراوە، چەند کەسێک گووتوبێژ و بیرورِا لەمەڕ کێشەکەی نۆردرمەوە دەگۆڕنەوە. دواتر هەندێک لەو گووتوبێژە دەکەینە بابەتی پرسیار.



ئود ناردروم تەمەن 68 ساڵ، بەناوبانگترین هونەرمەندی وێنەکێشە لە نەرویج.
ساڵانێکی زۆر مامۆستای ئەکادمیای هونەر بووە لە ئۆسلۆ. دەیان وێنەکێشی ئەم سەردەمەی نەرویج، شاگردی ئەو بوون. لە «وێکەپیدیا» دا، پێناسەی ناردروم وەک خاوەن ڕێبازی «کلاسیکی نوێ- کلاسیکی مۆدێرن» کراوە. گوایە ئەم ڕێبازە، وەک دژایەتییەک لەهەمبەر ڕێبازی نوێ- مۆدیرن دا ڕاوەستاوە.

«بەبڕوای من، ناردروم ڕێبازێکی نوی و تایبەت بەخۆی داهێناوە، کە تێکەڵەیەکە لە شێوازی کارەکانی ڕێمبرانت و سیلڤادۆر دالی. ئەوەی سەلیقەی هونەری وێنەکێشانی هەبێت و کارەکانی ڕێمبرانت و دالی بینیبێت، ئەو کاریگەرییە لە تابلۆکانی ناردرۆمدا دەرک دەکات. ناردروم سنورەکانی جەستە و ئێتیک- ئاکاری کاڵکردونەتەوە، ئەو سڵ لە هیچ ڕەخنەیەک ناکات.»

ناردرۆم، چەندەها پێشانگەی گەورەی کردۆتەوە و تابلۆگەلێکی بە نرخی بەرز فرۆشتووە و دەیەها ملیۆن کرۆن (چەندەها ملیۆن دۆلار) ی دەستکەوتووە. هەندێک سەرچاوە دەڵێن، تەنها لە ئەمریکا لە ماوەی 10 ساڵی ڕابووردوودا، بایی 120 ملیۆن کرۆن (21 ملیۆن دۆلار) تابلۆی فرۆشتووە.

هەندێک لە تابلۆکانی گووتوبێژی سەختی لە میدیا و لە نێوەندە هونەرییەکاندا ئافراندووە، وەک ئەم پۆرتریتەی خۆی. چەند تابلۆیەکی زۆر لەمەش (سەیرتری!) هەیە، دەتوانرێت لە گوگلەئیمجس- دا ببینرێت.



پۆرتریتی خۆی 1999



زینده بەچاڵکردن 1996



نۆردروم، لە ساڵی 2002 وە چۆتە وڵاتی ئایسلاند، بەڵام لەو ماوەیەدا دوو خانوی هاوینەی (کوخ) لە دەڤەری ڕۆژئاوای نەرویجدا، بەنرخی 6 تا 12 ملیۆن کرۆن (1 تا 2 ملیۆن دۆلار) کڕیوە.
لە ساڵی 2007 دا ڤێللایەکی لە باشووری فەرەنسا، بەنرخی 2 ملیۆن دۆلار کڕیوە. ئەم ڤێللایە لەلایەن ڕۆژنامەوانێکی نەرویج، کە کار بۆ ڕۆژنامەی (ڤێ.گێ.) ی نەرویجی دەکات، ئاشکرا کرا.



دوای ئەم نهێنی هەڵماڵینە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج، سکاڵایەکی لەسەر ناردروم تۆمارکرد. دادگاش دوای لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی تەواوی موڵک و داهاتی ناردوم، بڕیاری دوو ساڵ زیندانی بۆ تاوانکار داوە.
لە نەرویجدا سزای فێڵکردن و خۆ لەباج دزینەوە، بەپێی کەم و زۆری بڕی باجەکە، 6 مانگ تا 6 ساڵ زیندانیکردنە.
گەرچی هێشتا سزاکە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام پارێزەری نۆردروم، داوای تێهەڵچوونەوەی لە دادگا کردووە.



## چەند پرسیار

- ئایا باج نەدان کارێکی نایاسییە؟
- بۆ دەبێت دەوڵەت باج لە هاووڵاتیانی خۆی بستێنێت، کێ ئەو مافەی پێداوە؟
- ئایا مرۆڤ پێویستی بە دەوڵەت هەیە؟ بۆ؟
- پێویستە چاوپۆشی لە هەڵەی هونەرمەند، زانا، نووسەر- ئەدیب، سیاسەتوان، وەرزشوان، فەیلەسوف و هەر مرۆڤێکی دیکەی بەناوبانگ و خاوەن پایەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵدا، بکەین؟
- ئایا پێویستە هەموو مرۆڤەکان لە بەردەم یاسادا وەک یەک بن؟
- ئایا پێویستە سزای هونەرمەند و کەسانی فرەزان (ڕۆشنبیر) وەک سزای کەسانی ئاسایی بێت؟
- ئایا میدیا- ڕۆژنامە مافی ئەوەی هەیە (شتی) تایبەتی کەسەکان هەڵماڵێت؟
- ئایا کاری ئەو ڕۆژنامەوانە، کارێکی دروستە، یان دەچێتە خانەی کاری سیخوڕییەوە؟



ناردروم ساڵانە، 6 تا 8 تابلۆ بەرهەمدێنێت و دەیانفرۆشێت. بەو داهاتە دەژی. گەر دوای تێهەڵچوونەوە، دادگە هەر هەمان سزا بەسەر ناردوم دا بداتەوە و بیخەنە زیندانەوە، ئیدی لەوێندەر ناردروم بۆی نییە وێنە بکێشێت. بەپێی یاسای زیندان لە نەرویج، هیچ زیندانییەک مافی ئەوەی نییە لە زینداندا چالاکی ئابوری و

داهاتی هەبێت و پیشەکەی پراکتیزە بکات، بەڵام بەپێی هەمان یاسا هەموو زیندانییەک مافی ئەوەی هەیە خولیا و ئارەزووەکانی پراکتیزە بکات.



## چەند پرسیار

- بۆ دەبێت زیندانی مافی ئەوەی نەبێت داهاتی هەبێت؟
- جیاوازی نێوان پیشە و خولیا چییە؟
- لەم حاڵەتەی ناردروم دا، وێنەکێشان خولیایە، یان پیشە؟
- بەگوێرەی دەرئەنجامەکان، لەو دوو ساڵەی زینداندا ناردروم 12 تا 16 تابلۆ بەرهەمدێنێت. نرخی ئەو تابلۆیانە، گەر بفرۆشرێن، چەندەها ملێۆن دۆلار دەبێت. ئایا ناردروم مافی هەیە ئەو پارەیە وەربگرێت؟
- گەر ناردروم چەند تابلۆیەک لە زینداندا بەرهەم بهێنێت، ئەو بەرهەمانە دەچنە خانەی پیشەوە، یان خانەی بەرهەمەوە؟
- گەر ناردروم لە زینداندا تابلۆ بەرهەم بهێنێت، ئەو بەرهەمانە دەبنە مۆڵکی خۆی. ئایا دەستەڵاتداران و بەرپرسیارانی زیندان، مافی ئەوەیان هەیە بەرهەمی ناردروم زەوت بکەن؟
- ئایا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە بەرهەمی کەسانی دیکە زەوت بکەین؟
- ئایا زەوتکردنی بەرهەمی کەسێک، نامۆکردنی ئەو کەسە نییە لە بەرهەمەکەی؟



سەرچاوەی ئەم بابەتە میدیای نەرویجی، ویکەپیدیا و گوگلەیە.